## مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک)

لە درێژەی باسی نەمران حاجی بابە شێخ و مەلا هادی ئەفخەمزادە دا *(دوو ئاڵقەی پێشوو)*، وا بە باش دەزانم چەند کەسایەتییەکی گرنگی سیاسی – کۆمەڵایەتی – زانستی ناوچەی بۆکان بناسێنم و لێرەدا باس لە خەباتکارێکی ڕێبازی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە دەکەم:

مەلا محەمەد ئەمجەد کوڕی خەلیفە مەلا محەمەد حەسەن و فاتمە خانم بووە، ساڵی 1272 ی هەتاوی (1893 ی زایینی) لە گوندی قەڵای ڕەسووڵەسیت لەسەر چۆمی مەجیدخان و سەر ڕێگای بۆکان بۆ میاندواو لەدایک بوو. دەگوترێت حەوت پشت پێشتری بنەماڵەکە لە ناوچەی شنۆوە هاتبنە شوێنەکە. ژیانی لە قەڵایە بردەسەر و هەر لەوێش لە مانگی بەهمەنی 1345 [1967] کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی ساربابا لە لای باوکی خۆی نێژراوە.

مەلا ئەمجەد ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف، چالاکی سەردەمی حزبی دیموکرات، شاعیر، خۆش خەت و حەکاک بووە و مۆری جوانی هەڵکەندوە. چەند بەردی قەبری گۆڕستانی حەمامیان ئەو نووسیونی و هەڵیکەندوون. مەلا ئەمجەد هەتا ما، بە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان و ژانی هەرەسی کۆمارەوە سووتا و ناڵاندی :

.... خۆشەویستی کوردەکان، جۆشی داوە هەناوم
دنیای ساڵی نەهاتوو، وەها دێتە بەر چاوم :
سوڵحی دەوڵەتان دەکرێ لە پاتەختی لەهستان
بە کوێری چاوی دوژمن، سەربەخۆ دەبن کوردان ...

مەلا ئەمجەد لە سەردەمی کۆمار دا گەلێک چالاک و پێشتریش سوێندخۆری کۆمەڵەی ژێکاف بوو و ناوی نهێنی "کاک" ی بۆخۆی هەڵبژاردبوو. مامۆستا هەژار لە "بەرەوموکریان" دا یادی بۆکان دەکات و دەڵێ:

"ئەمجەد" و "قازی"، "مەلاڕیشی حەسار"     کێ بەداخ و کوڵە بۆ ڕەنجی خەسار؟

ناسین و ناساندنی نەمر مەلا ئەمجەد کاری زۆری دەوێت و هیوادارم کەسانێک بەو ئەرکە هەستن. ئێستاس لە هەندێ ماڵە بۆکانیدا دەبی تابلۆی " بسم الله ....." مابێت کە مەلا ئەمجەد لە بیچمی باڵندەیەکدا دەیکێشانەوە و من زۆریانم لە بۆکان دیتبوو. دوور نییە مۆری هەڵکەنراویشی لێرە و لەوی مابێتن. لەم پەیوەندییە دا ئەرکی بنەماڵەی بەڕێزی مەلا ئەمجەد قورسترە و پێویستە پێی هەستن.
من ئەم زانیارییانەی سەرەوەم لە ڕێزدار عەلی عوسمانی وەدەست کەوتووە، کە ئەویش لەسەر بنەمای نووسینەکانی جەنابی مەلا ڕەحمان کوڕەگەورەی مەلا ئەمجەد و برای خۆی ئامادەی کردوون.